سەروتار

## زانست نانی ئایندەیە

گۆڕانەکانی زانست و تەکنۆلۆژی ئەم سەردەمە خێرا و سەرسوڕهێنەر و سەراپاگیرن، دووربڕی مەودای شۆڕشە زانیارییەکان لەدیارترین خەسڵەتەکانی ئەم سەردەمەن، پێشبینیکردنی ئایندەی ژیانی مرۆڤ و تواناکانی لەسەر ڕووی زەوی نادیارە و دەشێت شۆڕشی زانستیی دیکەش بەڕێوە بێت بن کە بەتەواوەتی ژیانی مرۆڤ و تەنانەت پەیوەندییەکانیشی لەنێو مرۆڤەکان خۆیان و بەگەردوونیشەوە بگۆڕێت.

بۆئەوەی لەم گۆڕانە خێراو تیژڕەوەدا دواکەوتن و دوورە پەرێزی نەبێتە پشکمان، وا پێویست دەکات لەرێی بەئاگابوون و بەدواداچوونی زانستییەوە ڕاگەیاندنە زانستییەکانی ناو کۆمەڵگە هاوهەنگاو لەگەڵیدا ڕێ بکەن، د. ئیسماعیل ئیبراهیم لەکتێبی ڕۆژنامەنووسی پسپۆردا دەڵێت: زانست نانی ئایندەیە، بەو واتایەی چۆن ژیان بێ نان مەحاڵە، کۆمەڵگەیش لەم سەردەمەدا بێ زانست دروست نییە، چونکە گرنگی و کاریگەرییەکەی بۆ سەر ژیانی مرۆڤ نکوڵی لێناکرێت.

بۆئەوەی زانست بێتە ناو ژیانی گشتییەوە و خەڵك سوودی زیاتر لەبوارە فرە لق و بەربڵاوەکانی وەربگرن، وا پێویست دەکات لەسەر فێربوون و بەئاگابوون و ئاشنابوون ڕابێن و زانستیش سادە بکرێتەوە، ئەوەی ئەم ئەرکەش دەبینێت ڕاگەیاندنە بەگشتی، چونکە مەحاڵە تاکەکانی کۆمەڵ بەگشتی تەنیا لەناو هۆڵەکانی خوێندن و تاقیگەو سیمینارە ئەکادیمییەکان فێری زانست ببن، ئەرکی چاپکراوە زانستییەکانە ڕۆشنبیریی زانستیی بڵاوبکەنەوە، هەوڵ بدەن میتۆدی زانستی لەبیری تاکدا زاڵ سەروەر بێت.

بەواتایەکی دیکە مەرج نییە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەجیاوازی ناونیشان و میتۆد و ڕەوتی کارکردنیانەوە ببنە بڵاوکراوەی زانستی، چونکە دنیای ئەمڕۆ دنیای پسپۆری و تایبەتمەندیە، وەك چۆن ناشێت گۆڤارێکی زانستی باسی پێشبینییەکانی چاودێرێکی سیاسی بۆ ئەڵمانیا دوای هەڵبژاردن بکات بەهەمان شێوە ڕۆژنامەیەکی سیاسیش ناشێت باسی نەخشەی جینی مێشوولە و میکانیکی کوانتەم بکات.

ڕاگەیاندنی زانستی بوارێکی فرە هەستیار و تایبەتییەو هەڵە قبووڵ ناکات، هاوکات هەندێك لەلقەکانی وەك پزیشکی و تەندروستی بەگشتی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆن بەژیانی مرۆڤەوە هەیە، دەشێت لەشارەکەی خۆتدا هەواڵێکی تەندروستی ببێتە بابەتێکی ڕۆژنامەوانی تەنانەت ئەگەر ڕۆژنامەکە سیاسیش بێت، بەڵام ناشێت هەواڵێکی زانستی لەسایتێکەوە وەرگیرێت و ئەو ڕۆژنامەیە بەبیری سیاسی خۆی ڕەفتاری لەگەڵدا بکات کە ئەمە زۆرجار بەزیان بۆ کۆمەڵگەش دەشکێتەوە یان بەهەڵە ئەو هەواڵە دەگوێزرێتەوە، گواستنەوەی ئەم هەڵەیەش نەك تەنیا زیان بەزانست دەگەیەنێت بەڵکو دەبێتە بەشێك لەکلتوری باوی قسەکردن و ڕەفتارکردنی خەڵکیش کە دوور نییە نەوە بەدوای نەوەدا بگوێزرێتەوە. کاتێك بەهاونیشتمانییەکی خۆت دەڵێیت سیر بخۆ بۆ دڵ باشە پێویستە ئاگات لەوە بێت لەڕووی زانستییەوە بۆچی باشە و تا چەند و چۆن باشە، چونکە دوور نییە لەبری باشبوون زیان بگەیەنێت کاتێك زیادەڕۆیی تیادا دەکرێت، بۆیە مەرج نییە هەموو ڕاگەیاندنێك لەتوانایدا بێت هەواڵی زانستی و ڕێنمایی تەندروستی بڵاوبکاتەوە و دەستکاری و دارشتنەوەی بۆ بکات، تەنیا لەو بارەدا نەبێت ئەگەر کەسی زانستی سەرپەرشتی ئەو بابەتە زانستییانە بکات.

سکرتێری نووسین